Alustath Journal for Human and Social Sciences

Volume 59 | Issue 3 Article 24

9-15-2020

# The Art of Simile in Poets of Goran

Mariwan HamaKarem Ahmad
*قسم اللغة الكردية/كلية التربية الأساسية /جامعة طرميان*

Follow this and additional works at: https://alustath.uobaghdad.edu.iq/journal

Recommended Citation
Ahmad, Mariwan HamaKarem (2020) "The Art of Simile in Poets of Goran," *Alustath Journal for Human and Social Sciences*: Vol. 59: Iss. 3, Article 24.
DOI: 10.36473/ujhss.v59i3.1142
Available at: https://alustath.uobaghdad.edu.iq/journal/vol59/iss3/24

This Article is brought to you for free and open access by Alustath Journal for Human and Social Sciences. It has been accepted for inclusion in Alustath Journal for Human and Social Sciences by an authorized editor of Alustath Journal for Human and Social Sciences.

# هونەری چواندن لە شیعرەکانی (گۆران)دا

م.ی.مریوان حمەکریم أحمد
بەشی زمانی کوردی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
زانکۆی گەرمیان
Mariwanhama84@gmail.com

تاريخ الاستلام : ٢٠١٩/١٠/٨
تاريخ القبول : ٢٠١٩/١١/١٨

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License

**پێشەکی**

چواندن بەیەکێك لەگرنگترین هونەرەکانی ڕوانبێژی لەقەڵەم دەدرێت، کە پانتاییەکی گەورەی لەناو هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا بۆ خۆی داگیرکردووە. وە کۆنترین هونەرە کە پێش پەیدابوونی زانستی ڕەوانبێژی خەڵکی لەگفتوگۆی ڕۆژانەیاندا بەکاریان هێنابێت، هەر لەسەرەتایی نووسینی شیعرەوە دەست بۆ ئەم هونەرە درێژکراوە ، و شیعری پێ ڕازێنراوەتەوە، بێگومان هەتاکو ئەو ڕۆژەی شیعر بنووسرێت و بەردەوام بێت شاعیران ناتوانن دەستبەرداری ئەم هونەرە ببن.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ویستوومانە ( هونەری چواندن ) پەیوەست بەدەقە شیعرییەکانی یەکێك لەدیارترین شاعیرانی کورد و ڕابەری نوێکردنەوەی شیعری کوردی کە ( عەبدوڵلا گۆران )، بخەینەڕوو، شاعیر بەشێوازێکی بەرفراوان ئەم هونەرەی لە دەقە شیعرییەکاندا بەکارهێناوە و توانیویەتی وێنەی شیعری زۆر جوانی پێ بنەخشێنێت و داهێنانی تێدا بکات، بەشێوازێك کە پێشتر لەئەدەبی کوردیدا نەبینرابێت.

وەرگرتنی هونەری چواندن و بەتایبەت پەیوەست کردنی بەدەقە شیعرییەکانی ئەم شاعیرەوە، پێشتر کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە، سەرجەم ئەو جۆرانەی (هونەری چواندن) کە شاعیر بەکاری هێناوە، لەناوی دەقە شیعرییەکانییەوە بخەینەڕوو .

توێژینەوەکە خۆی لەدووبەشی سەرەکیدا دەبینێتەوە، لەبەشی یەکەمدا لەپاش ناساندن و پێناسەکردنی هونەری چواندن بنەڕەتەکانی چواندنمان خستوەتەڕوو، هەروەها بەشێك لە گرنگترین ئەو ئامرازانەی چواندن کە گۆران زۆر بەکاری هێناون لەنموونەی شیعریدا خستوومانەتە ڕوو، لەبەشی دووەمی توێژینەوەکەدا، سەرەتا جۆرەکانی چواندن بەپێی هاتن و نەهاتنی بنەڕەتە لاوەکییەکان و دواتر جۆرەکانی چواندن بەپێی هەستی ژیری پەیوەست بەنموونەی شیعری شاعیرەوە خستومانەتە ڕوو، لەپاشان جۆرەکانی چواندنمان بە پێی چۆنییەتی لاکان و ژمارەی لاکان باس کردووە و نمونەی شیعری شاعیرمان بۆ هێناوەتەوە.

م.م. مريوان حمه كريم احمد

قسم اللغة الكردية/كلية التربية الأساسية /جامعة گرميان

Mariwanhama84@gmail.com

**ملخص البحث**

التشبيه واحد من أبرز الفنون البلاغية وأكثرها شيوعاً في الشعر فضلاً عن الخطاب اليومي لعموم الناس، واتخذه الشعراء وسيلة لتوضيح الأشياء وإبراز صفة من الصفات، ويُعَد أيضاً من أدوات الخيال الشعري، ومن خلال التشبيه استطاع الشعراء إبداع كثير من الصور الشعرية الجميلة في قصائدهم.

ونحن من خلال بحثنا هذا نحاول عرض فن التشبيه في أشعار واحد من أبرز الشعراء الكُرد، وهو (عبدالله كوران) الذي يُعدُّ رائد الحداثة في الشعر الكُردي، إذ كان الشاعر كثير الاستعمال للتشبيه في قصائده، ولا سيَما الرومانسية منها فقد استطاع فيها إبداع صور شعرية لم تكن معروفة في الأدب الكُردي ولم يسبقه إليها أحد.

ولأنَّ فن التشبيه في أشعار كوران لم يدرس من قبل، فقد ارتأينا أن يكون موضوع هذا البحث، ومن خلاله حاولنا دراسة جميع أنواع التشبيه لديه عن طريق اختيارنا لنماذج شعرية متفرقة له.

ويتألف البحث من مبحثين رئيسين، ويتضمن كل مبحث عدة مطالب، ففي المبحث الأول عُرِف فن التشبيه، وبعد ذلك تحدثنا عن أهمية هذا الفن، مع بيان أركانه. أما في المبحث الثاني فقد بدأناه بالحديث عن أنواع التشبيه من حيث ورود وعدم ورود الأركان الثانوية للتشبيه، وبعد ذلك تكلمنا عن انواع التشبيه العقلية والحسية، ومن ثمَّ جاء الدور على أنواع التشبيه من حيث أطراف التشبيه، وأخيراً تحدثنا عن أنواع التشبيه من حيث عدد الأطراف، وقد استشهادنا لكل مطلب من مطالب هذا المبحث بنماذج شعرية من أشعار كوران مع تحليلها،وفي خاتمة البحث ذكرنا أهم النتائج التي توصلنا إليها.

الكلمات المفتاحية:

(التشبيه، گۆران، الشعر، انواع التشبيه، عناصر التشبيه).

**The Art of Simile in Poets of Goran**

**Assistant Lecturer. Mariwan HamaKarem Ahmad**

**Garmian University / College of Basic Education**

**Mariwanhama84@gmail.com**

## Abstract

Simile is the most prominent and the most common among the figures of speech, which is used not only in poetry but also in everyday language. In literature, it is used by the poets to depict the qualities of one thing through comparing it to another. For them it is an element of imagination by which they have created beautiful imagery in their works.

This research is an attempt at presenting this figure of speech in one of the most distinct Kurdish poets and the leading figure of renewal in Kurdish poetry; Abdulla Goran.

The poet has used this figure of speech on a wide range to create beautiful imagery with it and take it to vast extents of its use especially in his romantic poems, which have no antecedents.

This side of Goran’s poetry has never been the subject of a research before, that is why it has been chosen for the topic of this research, through which all the types of simile used by the poet in his work are being shown.

The research consists of two chapters each includes a number of parts. In the first chapter after introducing and presenting Simile, the importance of this figure of speech and then its bases has been discussed.

In the second chapter, first the types of simile have been shown according the presence or absence of the minor bases and in their relation to the texts of the poets. And then the types of simile according to the perception and cognition of the sides of simile has been presented along with poetic examples. Later according to the quantity of the sides of simile enforced by figurative examples, and in the end simile related to the quantity of the side have been shown all with examples from his poetry.

In the end the conclusions have been presented in several points.

Keywords: (Simile, Goran, Poetry, Types of Similes, Elements of Similes).

## بەشی یەکەم/ چواندن و بنەڕەتەکانی

**باسی یەکەم: چواندن**

چواندن، شێوازێکە لە شێوازەکانی ڕوانبێژی، شاعیران هەر لەکۆنەوە بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و پیشاندانی وێنە و بیرۆکەکانیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەنایان بۆ بردووە، هەتا شیعرییەت و چێژی جوانی ناسی لەدەست نەدات.(**سەعید،٢٠١٧،ل١٠٦**)(**Saed,2017, p:106**) ، بەڵام ئەم هونەرە تەنها شێوازێکی سادەی ڕوونبێژی نییە بەڵکو ((بەدیارترین هونەری ڕوونبێژی دادەنرێت، کە پانتاییەکی زۆری لەدارشتنی شیعریدا بۆخۆی گرتووە، بۆیە دەتوانین بەبێ دوودڵی بڵێین هەروەکو چۆن شیعر تاکو ئێستا نەیتوانیوە دەستبەرداری ئەم ئامرازی وێنەگرتنە ببێت، ئاواش لە داهاتوودا ناتوانێت پشتگوێی بخات))(**کەریم،٢٠١٢، ل١٩٠٢**)(**Kareem, 2012, p:1902**).

ئەگەر بتەوێ سیفەتێك بەلای کەسێکەوە یا شتێکەوە ساخ بکەیتەوە لەگەڵ پیشاندانی هووشەکاری و ئاشکراکردنی ئەو سیفەتە ئەچی بەشوێن شتێکی ترەوە ئەگەڕێی کە ئەو سیفەتەی زۆر بەئاشکرا تیا بدرەوشێتەوە، جاوێچون- مماثلە - یێك لەنێوان هەردوو شتەکە ئەبەستی بۆ ڕوون کردنەوەو دەرخستنی سیفەتەکە.(گەردی،١٩٧٢، ل ٢٢)(**Gardy,1972 ,p:22**) ، یان دەتوانین بڵێین ((ئەم هونەرە ڕوونبێژییە بەدۆزینەوەی خاڵێك یان زیاتری هاوبەش لەنێوان دووشت یان پتر پێکدێت، بەمەرجێك خاڵە هاوبەشەکە لە یەکێکیان (چوێنراو ) دا کز و لەویتریان (پێچوێنراو)دا گەش بێت، ئەمەش بۆخۆی چەمکی هونەرەکە بەرجەستە دەکات ))(أحمد،٢٠٠١،ل٩٠-٩٢) (**Ahmad, 2001,p:90-92**) ، یاخود بەشێوازێکی تر (( لێکچواندنی شتێکە بە شتێکی تر، واتە یەکەمی وەکو دووەم چواندووە، بەهۆی ئەو سیفەتە هاوبەشەی لەنێوان هەردووکیانە، واتە لێکچواندنەکە لەبەر سیفەتێك، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەشە، نەك لەبەرئەوەی یەکەم و دووەم تەواو وەکو یەك بن، چونکە ئەگەر وەهابێ ، یەکەم و دووەم وەکو یەك بن، ئەوا لێکچواندنی ناوێت و هەردووکیان دەبنە یەك شت ))(**مستەفا،٢٠١١، ل١١٧**)(**Mustafa,2011,p:117**)، لەبارەی ناساندنی چواندنەوە - دکتۆر موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی دەڵێت:- (( ئەوەیە شتێك بە شتێکی دی بچوێنی کە هاوبەش بن لەسیفەتێك یان زیاتر، بەهۆی یەك لەئەوزارەکانی،باس کرابێ، یان باس نەکرابێ ڕەوتی ڕستە ئاماژەی پێ بکات. ))(گەردی،٢٠١٣،ل١٢٠)(**Gardy, 2013,p:120**).

لەبەر زۆری جۆرەکانی چواندن، لێکدانەوەی زۆریشی بۆ کراوە، هەندێك لەتوێژەران زیاتر بەووردی و چڕی قسەیان لەسەری کردووە و گوتوویانە (( لێکچواندن وەسفکردنە بەوەی کە یەکێك لە وەسفکراوەکان بەهۆی ئەوزاری لێکچواندنەوە، جێی ئەوەی تریان بگرێتەوە وە لە شیعر و وە لە سەرجەم گوتراوی تریشدا بوونی هەیە ،تەنانەت بەبێ هاتنی ئەوزاریش هاتووە.))(**العسکری،٢٠٠٦ ، ل٢١٣**)(**Al, askari, 2006,p:213**)، لەبارەی ئاستی بەیەکاچوونی نێوان ئەو دوو شتەی کە بەیەکتری دەچوێنرێت (لێچوو، لەوچوو) دکتۆر عدنان حسێن قاسم دەڵێت: ((چواندن ئاوێتەبوونی تەواو لەنێوان دووشت یان زیاتر بەجۆرێك کە ئەوە ناگەیەنێت کە تایبەتمەندییەکان لەدەست بدەن، بەڵکو بەواتایی گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر دێت، لەگەڵ بەرانبەر گرتنی هەردوو دۆخەکە بەجۆرێك ئەوەی لە پێچوێنراو ( لەوچو ) دا هەیە دەگوێزرێتەوە بۆ چوێنراو ( لێچوو). ))(قاسم،١٩٨٠، ل٤٢)(**Qasm,1980, p:42**).

هەرلەسەر ناساندنی چواندن عبدالواحید موشیر دزەیی دەڵێت: ((خستنەڕووی شتێك یان چەند شتێك لەڕووی واتاوە، کە هاوبەشن لە سیفەتدا لەڕێگای ئامرازەکانی چواندن، وەك یەك بۆ دەرخستن و ڕوونکردنەوەی شتێکی نادیار کە بەشتێکی دیار و ناسراو دەچوێنرێت. (**دزەیی،٢٠١٥، ل٧١**)(**Dizey,2015,p:71**) ، کەواتە ئەو دووشتەی کە بەیەکتری دەچوێنرێت هەم لێکچوونیان هەبێت هەم جیاوازی چونکە (( شت بەخۆی ناچوێنرێت و شتێکیش ناچوێنرێت کە لە هیچ سیفەتێکەوە لەیەك نەچن، چونکە ئەو دوو شتە ئەگەر لەهەموو لایەکەوە لەیەك بچن ئەوە دەبن بەیەك.))( **عبدالرحمن،٢٠٠٠،**

ل٤٠)(Abdulrahman, 2000, p:40) ، بەڵام یەکێك لەو دووشتە دەبێت ئەو دوو سیفەتە تێیدا باڵا بێت چونکە لێکچواندن خۆی بۆ خۆی ((لێکچواندنی شتێکە بە شتێکی تر، بەمەبەستی بەدەستهێنانی سیفەتی پێچوێنراو (لەوچو) لە چوێنراو (لێچوو)دا، بە مەرجێك سیفەتی پێچوێنراو سیفەتی دیارو دەرکەوتوو بێت، ئەگینا سیفەتەکەیان بەکارنەدەهێنا.))(سلێمان،٢٠١٤، ل ٤٧-٤٨) (Sleman, 2014,p:47-48) ، چونکە لەڕاستیدا چواندن (( بەستن و پەیداکردنی وێکچوێکە لە نێوان دوو شت یان زیاتر، بەمەبەستی بەشداری کردنیان لە شێوەیەك یان زیاتر ئامرازێك بەو بارەی کە قسەکەر مەبەستێتی.))(مستەفا،٢٠٠٩، ل١٤٢)(Mustafa,2009,p:142).

چواندن، هونەرێکە بەدەستی شاعیرەوە بۆ خوڵقاندنی وێنەی شیعریی، وە دەتوانرێت بوترێت کە ((ساکارترین شێوازی هونەرییە لەوێنەگرتندا، یەکێکە لە ڕازاوەترین شێوازەکانی گوزارشتکردن و سەرچاوەیەکی بنەڕەتی شیعرەو لەو هونەرە ڕوونبێژییانەیە کەلە زۆر زووەوە سەرنجی لێکۆڵەرو ڕەخنەگرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.))(کەریم،٢٠١٢، ل١٩٦)(Kareem,2012,p196) ، گومانی تێدا نییە کە (لێچوو) و (لەوچوو) ئەو دوو بنەڕەتەن کە دەبنە هۆی دروستکردنی چواندن و بنیاتنانی وێنەی شیعری، لەبارەی مەودا و دووری سیفەتەکانی ئەم دوو بنەڕەتەوە د.عبدالسلام سالار دەڵێت: ((ئێمە دەڵێین باشترین و کاریگەرترین چواندن ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆر (لەجیاوازیدا) لەنێوان چوێنراو پێ چوێنراو لەسیفەت هاوبەشەکەدا هەبێ، واتا ئەو سیفەتەی لە پێ چوێنراودا هەیە چەندە دیارتر بێت ئەوەندە کاریگەرتر دەبێت،تەنانەت ئەگەر لە تەنها سیفەتێکیشکدا هاوبەش بن. )) (عبدالرحمن،٢٠٠٠، ل٤١)(Abdulrahman,2000,p:41) ، بەو شێوازە زیاتر سەرنجی گوێگر بۆلای خۆی ڕادەکێشێت و خێراتریش دەیخاتە ژێرکاریگەری وێنە شیعرییەکەوە، چونکە ((ئەگەر بە چواندنەکاندا بچێتەوە دەبینی هەرچەندە دووری ئەو دوو شتە لەیەکەوە زیاتر بێت، ئەوا لەدڵ و دەروونی مرۆڤدا کاریگەرتر و خۆشتر دەبێ.))(عەبدالرحمن،٢٠٠٠، ل٤١)(Abdulrahman,2000,p:41)، یان بەشێوازێکی تر دەتوانین بڵێین ((لێکچواندن ئەگەر لەنێوان ڕەگەزە زۆر لەیەك نزیکەکان دروست کرا لێکچواندنێکی ئاسایی بێ تام دەردەچێت، خۆ ئەگەر لەسەر بنچینەی کۆکردنەوەی دوو ڕەگەزی لەیەك دوور بنیات نرا لێکچواندنێکی داهێنراو دەردەچێت.))(گەردی،٢٠٠٤، ل٢٢٨-٢٢٩)(Gardy,2004,p:228-229) ، ئەگەر بێت و شاعیر بتوانێت ئەو ( لێچوو ) ەی کە دەیەوێت بەرزی بکاتەوە ، ( لەوچوو) یەکی وەهای بۆ بهێنێت کە پەیوەندی و سیفەتی نوێ و سەرنج ڕاکێش لەنێوانیاندا بدۆزێتەوە واتا ((مەبەستی شاعیر لە پێکەوەنانی وێنەی چواندن دەرخستنی (لێچوو — چوێنراو)ە، بەڵام داهێنانەکە لەو ( لەوچوو — پێ چوێنراو ) دا خۆی دەبینێتەوە ، کە بۆی دەیهێنێت و مەبەستەکەی ڕوون دەکاتەوە، لەمەشدا جۆری پەیوەندییەکەی نێوانیان دەبێتە پێوەر بۆ سەرکەوتنی شاعیر، بەو پێیەی هەتا پەیوەندییەکان نوی و سەرنج ڕاکێش بن وینەکانیش داهێنراو دەبن.)(کەریم و أحمد،٢٠١٥، ل٤٣٢-٤٣٣)(Kareem &Ahmad,2015, p:432-433) ،چونکە وێنە لە شیعردا گرنگییەکی زۆری هەیە بەڕادەیەك ((هەر قەسیدەیەك بۆخۆی وێنەیەکی شیعرییە و لەکۆمەڵێك وێنەی تری شیعری پێکهاتووە.))(علی،٢٠٠٧، ل ١٦٨)(Ali, 2007, p:168) سەرەنجام ئەو وێنە شیعرییانەی کە چواندن بۆمانی دروست دەکات، دەرگایەکن بۆ چوونە ناو دنیای ناوەی شاعیرەوە، چونکە لەڕاستیدا (( وێنە شیعرییەکان ئامرازێکن بۆ دۆزینەوەی درکپێکردنی ڕاستەقینە دەروونییەکان و لەرینەوەکانی هەست))(حوسێن،٢٠١٠، ل ١٦٠)(Huseen,2010,p:160) ،وە هەر لەدێر زەمانیشەوە (( لەوکاتەوە شیعر هەبووە هەتا ئەمڕۆ لەسەر وێنە بنیات نراوە))(أحمد،٢٠٠٩، ل ٢٣٥)(Ahmad,2009,p:235) ،کەواتە دەتوانین بڵێین: چواندن بریتیە لە چواندنی شتێك بە شتێکی تر، لە سیفەتێك یان زیاتر، ئەو سیفەتە لەیەکەمیاندا کز و لەدووەمیاندا و باڵا بێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەکرێت ئاستی شتی یەکەم ببرێتە ئاستی شتی دووەمەوە وە نادیاری لەئاراد نەمێنێت و وە دەبێتە هۆی دروست بوونی وێنەیەکی شیعریی، کە سەرئەنجام هەست و سۆزی دنیا بینینی شاعیرەکەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە.

**باسی دووەم/ بنەڕەتەکانی چواندن**

لێکچواندن شتێکی سادە و ساکار نییە، بگرە کردەوەیەکی قوڵ و ئاوێتە و تێك داڕژاوە، لەسەر چەند بنەڕەت و ڕەگەزێگەوە سەری هەڵداوە. **(گەردی،١٩٧٢،ل ٢٤)(Gardy,1972, p:24)** ، ئەم هونەرە لەچوار بنەڕەتی سەرەکی پێك دێت ، کە ئەوانیش بەم شێوازەی خوارەوەن:

١-لێچوو (چوێنراوە - المشبه): ئەوشتەیە کە سیفەتێك یان زیاتری تێدایە بەکزی و دەمانەوێت ئاشکرای بکەین.

٢-لەوچوو (پێچوێنراوە- المشبه به): ئەو شتەیە کە هەمان سیفەتی لێچووی تێدایە، بەڵام بەڕوونی و ئاشکرایی ، بۆیە بەهۆی سیفەتی ئەمەوە سیفەتی ئەو( لێچوو) دەردەخەین و ڕوونی دەکەینەوە.

٣-ڕووی لێکچوون (وجە الشبه): ئەو سیفەتە هاوبەشەیە، کەلە (لێچوو )دا کز و نادیارە و لە(لەوچوو) دا گەش دیارە.

٤-ئامراز (ئەوزار-اداة): ئەڵقەی پێکەوەبەستنی (لێچوو) و (لەوچوو)ە، ئامرازەکان زۆرن لەوانە: (وەك، وەکو، شێوەی، عەینی، میلی، شەبیە، چون، چەشنی، تەرزی، چم، وێنەی، ئەڵێیی، لە......ئەچێ، لە......ئەکا، ئاسا .....هتد. ) **(کەریم،٢٠١٢، ل١٩٠٢)(Kareem, 2012, p:1902)** ، بەڵام ئەو چوار بنەڕەتەی لێکچواندن هەموویان وەکو یەك بەهێز وگرنگ نین، د.ئیدریس عبدڵڵا مصطفى بەم شێوەیە جیایان دەکاتەوە و دەڵێت: ((دابەش دەبنە سەردووبەشی سەرەکی و ناسەرەکی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-بنەڕەتە سەرەکیەکانی لێکچواندن دوانن: (لێچوو) و (لەوچوو .

٢-بنەڕەتە ناسەرەکیەکانی لێکچواندن دوانن: (ئەوزار) و (ڕووی لێکچوون).

بنەڕەتی سەرەکی ئەو بنەڕەتەیە، کە لە (لێچوو) و (لەوچوو)دا خۆی دەنوێنێت، بۆیەش بە بنەڕەتی سەرەکی دەژمێردرێت، چونکە بەنەمانی هەریەکەیان لە (لێچوو)، یان (لەوچوو)ەکە، (لێکچواندن)ەکە لەباردەچێت.)**(مستەفا،٢٠١٢،ل١١٩ )(Mustafa , 2012, p:119)**.

بەم شێوەیە دەبینین بۆ ئەوەی لێکچواندن دروست بکرێت لانی کەم ئەو دوو بنەڕەتە سەرەکیە (لێچو) و (لەوچو) ئامادەییان هەبێت و بەبێ یەك دانە لەوانە چواندن دروست نابێت ،بەڵام (بنەڕەتە ناسەرەکیەکانی لێکچواندن (ئەوزار) و (ڕووی لێکچون) ئەمانە ئەگەر بێت لەنمونە لێکچواندنەکاندا هاتبن، یان نەهاتبن، یان تەنیا یەکێکیان هاتبێ، هیچ لە (لێکچواندن)ەکە کەم ناکاتەوە.)**(مستەفا،٢٠١٢، ل١٢٠)(Mustafa, 2012, p:120)**.

**باسی سێیەم/ نموونەی ئەو ئامرازانەی، کە ( گۆران ) لە چواندنەکانیدا زۆر بەکاری هێناوە**

١-چەشنی:      ئەی چاو چەشنی بازی قەفەز هەڵوەری پەڕت

کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دولبەرت

**(گۆران،١٩٨٠، ل١٣)(Goran,1980, p:13)**

٢-وێنەی:      نەخەوم خەو ، نەخەیاڵم وەك خەیاڵ وابوو

هەستیم وێنەی ئۆقیانووسی ژێر ڕەشەبابوو

**(گۆران،١٩٨٠، ل٤٣)(Goran,1980 ,p:43)**

٣-ئەڵێی: دیوانەکەی ( برۆنس ) کە نەغمەی شیعری

ئەڵێی کچە پێ ئەکەنێ ، یان ئەگری

(گۆران،١٩٨٠، ل٤٩)(Goran,1980, p;49)

٤-وەکو: هۆ شوانی بەختیار ! تێ خوڕە ، درەنگە

بێ شمشاڵ لەدەشتیش وەکو ماڵ دڵ تەنگە

(گۆران،١٩٨٠، ل٥٢ )(Goran,1980,p;52)

٥-وەك : یەکێ قژ زەرد ، یەکێ قژ ڕەش

یەکێك لێو وەك گوڵ — غونچەی گەش

(گۆران،١٩٨٠، ل٥٣)(Goran,1980, p;53)

٦-شێوەی: یەکێك شێوەی دووان خۆشە

جوان نی یە ، بەڵام جوان پۆشە

(گۆران،١٩٨٠، ل٥٤)(Goran,1980, p;54)

٧-شەبیە: لەبەختی تاری شەو ناکەم شکایەت

شەبیهە چونکە بەو زوڵفی سیاسەت

(گۆران،١٩٨٠، ل٦٨)(Goran,1980, p;68)

## بەشی دووەم/ چواندن لە شیعرەکانی شاعیردا

### باسی یەکەم: جۆرەکانی چواندن بەپێی هاتن و نەهاتنی بنەڕەتە لاوەکییەکان

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ داوە بەپێی هاتن و نەهاتنی بنەڕەتە لاوەکیەکانی (ئامراز، ڕووی لێکچوون) چەند جۆرێکی چواندن جیاکراونەتەوە "کە گۆران زۆر بەجوانی و هونەرمەندانە بەکاری هێناون، کە ئەوانیش (چواندنی جەختاو، چواندنی قوڵە، چواندنی درێژەی بەرەڵا، چواندنی ڕەوان).

١/ چواندنی جەختاو: ئەو جۆرەیە کە ئەوزاری تیا نەبێ، بەڵام لێکچوون ( ڕووی لێکچوون ) ی تیا بێ " کەواتە ئەم لێکچواندنە لە لێچوو و لەوچوو و لێکچوون پێك دێت و ئەوزاری تیا نابێ.(گەردی،١٩٧٢،ل٣٤-٣٥)-(Gardy,1972,p34-35)

وەکو لەم شیعرەدا دیارە:

تۆ پەری شیعر و جوانی

من هاوڕێی گیانی گیانی

(گۆران،١٩٨٠،ل٨٧)(Goran,1980, p;87)

تۆ: لێچوو    پەری شیعر: لەوچوو    جوانی: ڕووی لێکچوون

شاعیر لێرەدا بەیارمەتی چواندنی جەختاو، وێنەیەکی جوانی بۆ دروستکردووین، تۆ (مەبەست لەبێکەسی شاعیرە) چواندوویەتی بە پەری شیعرەو جوانی، بەو مانایەی کە ئەو (تۆ)یە، خولقێنەری شیعر و جوانییە، لەبەرانبەریش ئاستی نزیکایەتی خۆیی لەگەڵیدا دەرخستووە، کە هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی ئەوە، شاعیر بەبێ یارمەتی ئامراز ئەم چواندنەی دروستکردووە .

لەدێڕێکی تردا دەڵێت :

قۆڵ و مەچەك ساف و سپی وەك شووشە

سەرپەنجەكان یاقوتێك بوون بە ورشە

(گۆران،١٩٨٠، ل٣٥)(Goran,1980, p;35)

سەرپەنجەکان: لێچوو    یاقووت: لەوچوو    بەورشە: ڕووی لێکچوون

لەم دێڕە شیعرەدا جگە لەچواندنێك كەلە نیوەدێڕی یەكەمدا كراوە و (ئێمە هەر لەم توێژینەوەیەدا لەشوێنی تر باسمان لێوە کردووە)، چواندنێکی تر لەنیوەدێڕی دووەمدا هەیە کە شاعیر سەرپەنجەکان (مەبەست لێی نینۆکی ئەو ئافرەتەیە) لە ورشە ورشکردندا لە یاقووت دەچێت ، بەمەش شاعیر وێنەیەکی جوانی دروست کردووە.

لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

یەكێك مانگی شۆخ و شەنگە

سیحری جوانییەکەی بێ دەنگە

(گۆران،١٩٨٠، ل٥٤)(Goran,1980,p;54)

یەكێك: لێچوو

مانگ: لەوچوو

بێ دەنگ، شۆخ و شەنگ: ڕووی لێکچوون

لێرەدا شاعیر بەبێ ئامرازی چواندن هاتووە "یەكێك " (كە مەبەست لێی كچێك)ە، چواندویەتی بەمانگی شۆخ و شەنگ، وەلەگەڵیشدا نهێنی جوانیەکەی بەیان کردووە، کەلە بێ دەنگی و شۆخ و شەنگیەکەیدایە، بەمەش وێنەیەکی گەلێك جوانی بەیارمەتی چواندن دروست كردووە و (یەكێك)ی لەگەڵ (مانگ)دا، پێکەوە گرێی داوە خستونیە یەك ئاستەوە.

لەدێڕێکی تردا دەڵێت :

شەماڵی ڕێگەی کانی ئەخاتە باڵاکەت

لەرانەوەی لەشی زیوینی شۆڕەبیی کەڵەگەت

**(گۆران،١٩٨٠، ل٦٠)(Goran,1980,p;60)**

باڵا: لێچوو	شۆڕەبیی: لەوچوو	لەرانەوە،کەڵەگەت: ڕووی لێکچوونن

شاعیر لەم دێڕەدا بەیارمەتی چواندن و بەبێ هانابردن بۆ ئامراز یاخود ئەوزار وێنەیەکی زۆرجوانی درووستکردووە کە تێیدا باس لە کچێکی جوانی لادێی دەکات و باڵای بە شۆڕەبیی دەچوێنێ و لەوکاتەی کە ڕێگاکانی شەماڵ بەر باڵاو لەشی ئەو کچە دەکەوێت و وەکو ئەوە وایە کە شەماڵ بەردرەختی شۆڕەبی بکەوێت هو بلەرێنێتەوە، شاعیر (باڵا)کەی داوەتە پاڵ (ت)ی جێناوی لکاو، بۆ کەسی دووەمی تاك، بەمەیش وادەردەکەوێت کە شاعیر ڕاستەوخۆ بەرامبەر بەو کچە وەستابێت و وێنەکەی دروستکردبێت.

٢-چواندنی قوله: ئەو چواندنەیە کەلێکچوون (ڕووی لێکچوون)ی تێدا نەبێت تەنها لە (لێچوو، لەوچوو، ئەوزار) پێك هاتبێ.**(گەردی،١٩٧، ل٣٥)(Gardy,1972,p;35)**.

شاعیر دەڵێت :

کچە کوردێك وەك گوڵ وابێ

کوردستانی پێ ئاوابێ!

**(گۆران،١٩٨٠، ل٣١)(Goran,1980,p;31)**

کچە کوردێك: لێچوو	وەك: ئامراز	گوڵ: لەوچوو

شاعیر لەم دێڕەدا بەیارمەتی چواندن هاتووە وێنەیەکی دروست کردووە و (کچە کوردێك)ی چواندووە بە (گوڵ) کە بێگومان ئەمەش وێنەیەکی ئاسایی دووبارە بووەیە لە ئەدەبی کوردیدا ، وە شاعیر نەویستیە ئەوە بەیان بکات، کە ئەو دوانە لەچیدا وەکو یەکن، ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوەبێت، کە بۆ هەموو کەس سیفاتی باڵا لەگوڵدا شتێکی ئاشکرایە، و شاعیر ویستویەتی کوردستان بەو کچە جوانانەی کە وەکو گوڵن ئاوەدان بێت.

لەدێڕێکی تردا دەڵێت:

لەپڕ نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی

بەرامبەرم بەژنێك دەرکەوت: وەك پەری

**(گۆران،١٩٨٠، ل٣٤ )(Goran,1980,p;34)**

بەژنێك: لێچوو	وەك: ئامراز	پەری: لەوچوو

لەم دێڕەدا هەموو شتەکە لەساتی سەرهەڵبڕینی شاعیرەوە دەست پێ دەکات کە خۆی دەڵێت نازانم بەهۆی چییەوە بوو، وە ئەو سەرهەڵبڕینە دەبێتە هۆی نەخشاندنی وێنەی جوانی چواندن، لەوکاتەدا دەبنێت بەژن و باڵایەکی

جوان لەبەرانبەریەتی، ئەمەش کار لەشاعیر دەکات و دەیچوێنێت بەپەری، شاعیر دیسان نەیویستووە ڕووی لێکچوونی نێوان ئەو بەژنە و باڵایە و پەری دەربخات، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بێت کە سیفەتی باڵای پەری بۆ هەموو کەس شتێکی ئاشکرا بێت، بەم جۆرەش شاعیر بەگرێدانی ئەو بەژن و باڵایە لەگەڵ پەری وێنەیەکی جوانی بۆ نەخشاندوین.

شاعیر دەڵێت:

منیش چەشنی پەپوولەیەك گوڵ دایبێتە ناو

کێ زۆر شۆخ بێ لەبەرپێ یا ئەوەستم تاو تاو

(گۆران،١٩٨٠، ل٥١ )(Goran,1980,p;51)

من: لێچوو چەشنی: ئامرازە پەپوولە: لەوچوو

لێرەدا شاعیر باسی ئەوە دەکات کە وەکو پەپوولەیەکی لێهاتوو، لەو دەمەی کە گوڵی زۆر پێشکەوتوون و ئەویش بەئارەزووی خۆی تەنها گوڵە زۆر جوانەکان هەڵدەبژێرێت و دەچێتە بەردەمیان " شاعیریش بەهەمان شێوەی ئەو پەپوولەیە تەنها کچە زۆر شۆخەکان دەستنیشان دەکات و لە بەردەمیان ڕادەوەستێت، بەمەش شاعیر یارمەتی چواندن و گرێدانی (من) لەگەڵ (پەپوولە)دا وێنەیەکی سەرنجڕاکێش و جوانی درووستکردووە، دیسان بەبێ باسکردنی سیفەتی هاوبەشی نێوان (من) و (پەپولە) شاعیر وێنەکەی دروست کردووە .

٣-چواندنی درێژەی بەرەڵا: ئەو چواندنەیە کەهەر چوار ڕەگەزەکانی بەئاشکرا تیا هاتبێ.(گەردی،١٩٧٢، ل٣٦)(Gardy,1972,p36).

شاعیر دەڵێت :

شان و مل و گەردنی ڕووتی بێ گەرد

سنگی نەرم ، مەمکی قوتی توند وەك بەرد

(گۆران،١٩٨٠، ل٤٧)(Goran,1980,p;47)

مەمك: لێچوو توند: ڕووی لێکچوون وەك: ئامراز بەرد: لەوچوو

لەم دێڕەدا شاعیر لەپاش پیشاندانی هەندێك لە ئەندامەکانی لەشی کچێك " بەتایبەتی شان و مل و گەردن و سینگ " لەنیوەدێڕی دووەمدا چواندنێکی جوانی لەنێوان (مەمك) و(بەرد)دا کردووە، مەمکی لەتوندیدا بەبەرد چواندووە، بەمەش وێنەیەکی گەلێك جوانی بەیارمەتی هونەری چواندن نەخشاندووە.

لەدێڕێکی تردا دەڵێت:

گەر ڕاستە مەلەك نامەیی ئەعمالم ئەنووسێ

با سوور بێ وەکو خوێنی جگەر خەططی کیتابم

**(گۆران،١٩٨٠، ل٦٧)(Goran,1980,p;67)**

خەططی کیتابم: لێچوو، سوور: ڕووی لێکچوون، وەکو: ئامراز، خوێنی جگەر: لەوچوو

شاعیر لەپاش ئەوەی پرسیارێکی گوماناوی دەکات لەوەی کە ئایا ڕاستە مەلائیکە نامەی کاروکردەوەکانی مرۆڤەکان ئەنووسێتەوە؟ ئەگەر ڕاستە، ئەوە با نامەی شاعیر بەخەتێکی سووری وەکو خوێنی جگەر بێت، بەمەش شاعیر بەیارمەتی چواندن وێنەیەکی داهێنەرانەی دروست کردووە، کە خەتی کیتیباتی کردەوەکانی بەخوێن چواندووە، گرێدانێکی جوانی لەنێوان (خەتی) نامەی کردەوەکانی و(خوێن)دا کردووە کە ئەمەش بێگومان دەرخەری ژیانە قورس و پڕلەخەمەکەی شاعیرە .

لەدەقی (گەشت لە هەورامان)دا دەڵێت:

قیافەت پەرپووت وەك کتێبی کۆن

زمانی شیرین، سیما نەختێ مۆن

**(گۆران،١٩٨٠، ل١٣٠)(Goran,1980,p;130)**

لەم دێڕەدا شاعیر لە وەسفکردن و دەرخستنی شێوەی مەلای دیوەخانی ناوچەی هەوراماندا، بەیارمەتی چواندن هاتووە قیافەتی بە کتێبی کۆن چواندووە کەپەرپووت دێتە بەرچاو، بەمەش شاعیر یەکگرتنێکی جوانی لەنێوان (قیافەت) باڵا و ( کتێب)دا کردووە وێنەیەکی چواندنی نایاب و داهێنەرانەی خوڵقاندووە، وە شاعیر سەرجەمی بنەڕەتەکانی چواندنی لەوێنەکەدا بەکارهێناوە وەدواتر باسی زمان و سیمای ئەو مەلایە کردووە.

لەگەشت لەقەرەداخ دا دەڵێت :

لەسەر قەبرەکان داری ئەرخەوان

وەك بووکی تارا سەوزی ئاودامان

**(گۆران،١٩٨٠، ل١٣٧)(Goran,1980, p;137)**

داری ئەرخەوان: لێچوو ، تارای بووك: لەوچوو ، وەك:ئامراز ، سەوزی ئاودامان: ڕووی لێکچوون.

شاعیر وەسفی سەرقەبرەکانی ناوچەی قەرەداخ دەکات و بەیارمەتی هونەری چواندن داری ئەرخەوانی سەرقەبرەکان دەچوێنێت بەتارای بوکێنی، بێگومان ئەو دار ئەرخەوانانەی سەرقەبرەکان بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرا نین کە چۆنن، هەربۆیە شاعیر بۆ ئاشکراکردنیان دیانچوێنێت بە تارای بوك کە ئەمەیان لەلای هەموان ڕوون وئاشکرایە، شاعیر بەم یەکگرتنەی کەلەنێوانی ( داری ئەرخەوان ) و ( تارای بووك) دا کردوویەتی وێنەیەکی چواندنی زۆر جوان و نوێی درووستکردووە، لەگەڵیشیدا لەدروستکردنی بنەڕەتەکانی تری چواندنی بەکارهێناوە.

٤-چواندنی ڕەوان: ئەو چواندنەیە تەنها لێچوو و لەوچوو ئەوترێ و بەس ، واتا لێکچوون (ڕووی لێکچوون) و ئەوزار ناویان نابرێت.**(گەردی،١٩٧٢، ل٣٧)(Gardy,1972, p;37)**.

شاعیر لە ( گەشت لە هەورامان) دا دەڵێت:

پێش ئەوەی بگەی بەئاواتی دێ

ئەكشێتە ناوباخ توولە ماری ڕێ

**(گۆران،١٩٨٠، ل١٢٨)(Goran,1980, p:128)**

ڕێ: لێچوو                    توولەمار: لەوچوو

شاعیر تابلۆی دێیەکی ناوچەی هەورامان دەکێشێت و دەڵێت : پێش ئەوەی بگەیت بەدێکە ڕێیەك دێتەپێش، کە شاعیر ئەو ڕێگایەی بە توولەمار چواندووە، کە بەو ڕێگایەدا دەگەیت بە باخ و دارەکانی پێش گوند، بەم شێوازە شاعیر تەنها لە ( لێچوو ) و ( لەوچوو) وێنەیەکی چواندنی نایابی خوڵقاندووە .

لەدەقی ( بەستەی نەبەز ) دا دەڵێت :

من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا

هەتاوی بیر ڕووناك ئەکا بەرچاوم

**(گۆران،١٩٨٠، ل٢٧٠)(Goran,1980, p:270)**

بیر: لێچوو                    هەتاو: لەوچوو

شاعیر باس لەخۆی دەکات، کە دیلە و لە زیندانێکی تاریك دایە بەڵام شاعیر بیری خۆی دەچوێنێت بەهەتاو و کەمەبەستی ئەوەیە بیری ڕووناکە و وەکو خۆر وایە و بەرچاوی بۆ ڕووناك دەکاتەوە، ئەمەش چواندنێکی گەلێك جوانە و خوڵقاندنی وێنەیەکی هورمەندانەیە.

شاعیر لەدەقی ( بوکێکی ناکام ) دا دەڵێت :

گڕی لەشی دامردەوە بەدۆی سەرتەزێن

بەڵام کوورەی دڵی کەوتەبەر بای باوەشێن

**(گۆران،١٩٨٠، ل٥٨)(Goran,1980, p:58)**

دڵ: لێچوو                    کوورە: لەوچوو

لەم دێڕەدا شاعیر ( دڵ ) ی چواندووە بە ( کوورە) وەك دەزانین کورە شوێنی ئاگردانە و ئاگری تێدا دەکرێتەوە، بە باوەشێن ئەو ئاگرە دەگەشێتەوە و گڕەکە خۆش تر دەبێت ، لەدێڕەکەدا وێنەیەکی گەلێك جوان هەیە کە بەهۆی دۆی سەرتەزێنەوە گڕی لەش دامردووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا گری دڵ بڵێسەی سەندووە وێنەی کورەیەکی ئاگر کە باوەشێن بکرێت، بەمەش شاعیر بەیارمەتی چواندن و وێنەیەکی جوان و داهێنەرانەی تەنها بەبەکارهێنانی لێچوو لەوچوو خوڵقاندووە.

**باسی دووەم/ جۆرەکانی چواندن بەپێی هەستی و ژیری**

ئاشکرایە مرۆڤ پێنج هەستی هەیە کە ئەوانیش (بیستن، بینین، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتن) بێگومان هەرشتێك بەر ئەم هەستانەی مرۆڤ بکەوێت ئەوە پێی دەڵێن هەستیی، بێگومان هەرشتێکیش بەرئەو هەستانە

نەکەون بەعەقڵ و ژیری درکمان پێی کرد ئەوە پێی دەوترێت ژیری، لێرەدا لاکانی هەڵبژاردن بەپێی ئەوەی سەر بەهەستی بن یان ژیری چەند جۆرێکی چواندن جیاکراونەتەوە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-چواندی هەستی بە ژیری: ئەوەیە کە شتێکی هەستپێکراو بە شتێکی وا بچوێنرێ، کە زەینی بێت و نەکەوێتەبەر هیچ هەستێکەوە.**(گەردی،١٩٧٢، ل٤٠)(Gardy,1972, p:40)**.

شاعیر لەدەقی ( بوکێکی ناکام ) دا دەڵێت :

لەتەوقی سەر تا بەری پێ پەرداخت و پۆشتە

سوارکراوە، شۆخ و نازدارە وەك فریشتە

**(گۆران،١٩٨٠، ل٥٧)(Goran,1980, p:57)**

شۆخ و نازدار: لێچوو/هەستی   فریشتە: لەوچوو/ژیری

لەم دێڕەدا شاعیر باس لە کچی شۆخ و شەنگ دەکات کە جلێکی جوان و پۆشتەی لەبەردایە و دیارە سواری وڵاخ کراوە ئینجا دەیچوێنێت بە فریشتە، بێگومان لەم دێڕەدا (لێچوو)بریتیە لە (کچێك ) کە مرۆڤە و بەهەستی هەژمار دەکرێت و چوێنراوە بە ( فریشتە) کە کائینێکە تەنها لەڕێگەی ( عەقڵ و ژیریەوە ) دەتوانین درکی پێ بکەین، بەمەش شاعیر بەچواندنی شتێکی هەستی بە شتێکی ژیری وێنەیەکی جوانی دروستکردووە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

ئەوان چەشنی فریشتەن و بێگەرد و پاکن

دنیا هەربۆ ئەوان خوڵقا ئەوەندە چاکن

**(گۆران،١٩٨٠، ل٢١٥)(Goran,1980, p:215)**

ئەوان: لێچوو /هەستی   فریشتە: لەچوو / ژیری

لەم دێڕە شیعرەدا لەنێوان (ئەوان)و (فریشتە) دا چواندنێکی دروست کردووە (ئەوان ) کە جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، مەبەست لەچەند کەسێکە و ئەمەش بێگومان شتێکی هەستییە، دەیچوێنێت بە (فریشتە) کە شتێکی ( عەقڵی و ژیریە)، بەمەش بە چواندنی شتێکی هەستی بە شتێکی ژیری وێنەیەکی هونەرمەندانەی دروستکردووە.

لەدەقی ( ئەڕۆی ئۆغر ) دا دەڵێت :

فریشتەی، یا پەری، یا حوری ئەی شۆخی مەلەك شێوە

بەعیشوەو خوو، لەهاوجنسی بەشەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر

**(گۆران،١٩٨٠، ل٦٣)(Goran,1980, p:63)**

لێرەدا شاعیر(شۆخ) کەمەبەست لێی ئافرەتێکی زۆرجوانە و بەر زیاد لەهەستێکی مرۆڤ دەکەوێت چواندویەتی بە( فریشتە ، پەری ، حۆری) کە هەرسێکیان بەرهیچ کام لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەون و دەبێت لەڕێگەی ( عەقڵ و ژیریی )ەوە درکیان پێ بکەین، بەمەش شتێکی هەستی بە شتێکی ژیری چواندووە و وێنەیەکی هونەری دروست کردووە.

٢- چواندنی ژیری بەهەستی: لەم جۆرەدا شتێکی ژیری بە شتێکی هەستی ئەچوێنرێ، ئەمەشیان زۆر بەتین و بەهێزە، چونکی لێچوو کە شتێکی ژیرییە و هەستی پێ ناکرێ لەگەڵ لەوچوو کە شتێکی هەستیە بەرانبەر یەك ئەگرن.(گەردی،١٩٧٢، ل٤٠)(Gardy,1972,p:40).

شاعیر دەڵێت :

ئاهم بووەتە هەوری بەری تینی هەتاو بۆت

فرمێسکم ئەدا نم لەهەموو ساحەیی سەر ڕێت

(گۆران،١٩٨٠، ل٣٦)(Goran,1980, p:36)

ئاهم: لێچووە / ژیرییە هەور: لەوچووە / هەستییە

شاعیر لێرەدا (ئاهـ ) کە شتێکی (ژیریی )یەو بەر هیچ کام لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت چواندوویەتی بە (هەور) کە شتێکی هەستیە و بەرهەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت، واتە ئاهی شاعیر بۆ خۆشەویستەکەی وەکو هەورێك وایە، کە سەرئەنجام لەو هەورە فرمێسك دروست دەبێت و وەکو بارانێك وایە بۆ سەر ڕێی یارەکەی، بەمەش وێنەیەکی چواندنی ژیری بەهەستی دروستکردووە کە زۆر جوانە.

لەدێڕێکی تردا دەڵێت :

نەخەوم خەو، نەخەیاڵم وەك خەیاڵ وابوو

هەستیم وێنەی ئۆقیانووسی ژێر ڕەشەبا بوو

(گۆران،١٩٨٠، ل٤٣)(Goran,1980, p:43)

هەست: لێچووە / ژیرییە ئۆقیانووس(ژێرڕەشەبا): لەوچووە / هەستییە

لەم دێڕەدا شاعیر (هەست)ی، داوەتە پاڵ (م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك و مەبەست لەخۆیەتی، چواندوویەتی بە ئۆقیانووس، کە شتێکی هەستییە و بەر زیاد لە هەستێکی مرۆڤ دەکەوێت، ئۆقیانووسێك کە لەژێر ڕەشەبادا بێت، نائارامە و ئۆقرە ناگرێت، شاعیر بەچواندنی شتێکی ژیری بەهەستی توانیویەتی وێنەیەکی زۆرجوان بخوڵقێنێت.

شاعیر لە دەقی ( هەڵبەستی دەروون ) دا دەڵێت :

ئەمویست دەروون بکرایەوە وەك تۆمار

دەرکەوتایە دنیای جوانتر لەبەهار

(گۆران،١٩٨٠، ل١٢ )(Goran,1980, p:121)

دەروون: لێچوو / ژیرییە تۆمار: لەوچوو / هەستییە

لەم دێڕەدا (دەروون) کە شتێکی ژیرییە چوێنراوە بە ( دەفتەر ) کە شتێکی هەستیە، شاعیر دەڵێت دەروونی من شتی جوانتر لەبەهار ( بەهار مەبەستی لە شیعرەکانی خۆیەتی ) ی تێدایە دەڵێت دەمەوێت ئەو دەروونە وەکو دەفتەرێك بکرایەتەوەو ئەو جوانیانەی تریش دەرکەوتنایە، بەمەش شاعیر زۆر هونەرمەندانە لێکچونی لەنێوان دەروون و دەفتەردا کردووەو شتێکی ژیری بە شتێکی هەستی چواندووەو وێنەی داهێنەرانەی زۆر جوانی لێ خوڵقاندووە .

شاعیر دەڵێت :

نازانم تۆ چیت ئەی گیان

یاری نازداری ژیان (گۆران،١٩٨٠، ل٢٢٨)(Goran,1980, p:228)

گیان: لێچوو / ژیرییە یار: لەوچوو / هەستییە

لێرەدا شاعیر ( گیان ) کەمەبەست لێی ( ڕۆح)ە و شتێکی ژیرییە چواندوویەتی بە ( یار ) کە شتێکی هەستیە، واتە بە چواندنی شتێکی ژیری بەهەستی وێنەیەکی جوانی دروستکردووە.

٣- چواندنی ژیری بە ژیری: ئەم جۆرەیان بریتیە لەوەی کە هەردووکیان شتی ژیری بن.(گەردی،١٩٧٢،ل٤٠)(Gardy,1972,p: 40).

شاعیر دەڵێت : بێ دەنگی لەچوار لاوە موهاجیم وەخرۆشاو

وەك ظوڵمەتی شەو نەیبوو ئەویش نووك نیهایەت

(گۆران،١٩٨٠، ل١٧١)(Goran,1980, p:171)

بێ دەنگی: لێچوو / ژیرییە ظوڵمەتی شەو: لەوچوو / ژیرییە

لێرەدا شاعیر ( بێ دەنگی ) کەلە ڕێگەی ( عەقڵ و ژیری ) یەوە درکی پێ دەکرێت چواندوویەتی بە ( زوڵمەتی شەو ) کە ئەویش دیسان لە ڕێگەی ژیریەوە درکی پێ دەکرێت ، کەوایە بە چواندنی شتێکی ژیری تر وێنەیەکی جوان و ناوازەی نەخشاندووە .

شاعیر لەدەقی ( بەستەی نەبەز ) دا دەڵێت:

مادام هێزی زۆربەی گەلم لە پشتە

درك گوڵە و ترس ئارامە بۆ خواستم

(گۆران،١٩٨٠، ل٢٧٠)(Goran,1980, p:270)

درك: لێچوو / هەستییە گوڵ: لەوچوو / هەستییە

ترس: لێچوو / ژیرییە ئارام: لەوچوو / ژیرییە

لەم دێڕە شیعرەدا دوو چواندنی درووستکردووە، لە یەکەمیاندا (درك)ی بە(گوڵ)چواندووە، کە هەردووکیان شتی هەستین، واتە چواندنی (هەستی بە هەستی) یە، کە ئەمەیان لێرەدا مەبەستەکەی ئێمە نیە، بەڵام دواتر (ترس) ی بە ( ئارام ) چواندووە، کە هەردووکیان تەنها لە ڕێگەی ژیرییەوە درکیان پێ دەکرێت، واتا شاعیر وێنەیەکی جوانی بە چواندنی شتێکی ژیری بە شتێکی ژیری تر دروست کردووە .

شاعیر لە دێڕێکی تردا دەڵێت :

من ئەو دیلەم لە پشت شورای پۆڵاوە

ئاسۆی هیوای گەشم هەرگیز ون ناکەم

**(گۆران،١٩٨٠، ل٢٧٠)(Goran,1980, p;270)**

هیوا: لێچوو / ژیرییە ئاسۆ: لەوچوو / ژیرییە

شاعیر باسی تابلۆیەك دەكات، كە تێدا خۆی لە پشتی دیوارە پۆلاینەكانیەوە دیلە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر هیوای خۆی وەكو ئاسۆیەك دەبینێت و ونی ناكات، واتا شاعیر ( هیوا ) كە بە عەقڵ و ژیری درکی پێ دەکرێت چواندوویەتی بە (ئاسۆ) کە ئەویش لە ڕێگەی ژیریەوە درکی پێ دەکرێت، بەو شێوەیە شتێکی ژیری بە شتێکی ژیری تر چواندووە و وێنەیەکی هونەرمەندانەی لێ خوڵقاندووە .

٤- چواندنی هەستی بە هەستی: شتی هەستییە، ئەوەیە کە بەر فەرمانی یەکێك لە هەستەکانی ( دیتن، بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، لێك خشاندن )**(گەردی،١٩٧٢، ل٣٩)(Gardy,1972, p;39)** ، دەکەون و هەردوولا دەبێت هەستی بن. شاعیر دەڵێت:

جۆگە وردەکان ئەکێشن سەرەو خوار

ئەبریقێنەوە وەك تولەی ڕەشمار

**(گۆران،١٩٨٠،ل١٤١)(Goran,1980,p141)**

جۆگە وردەکان: لێچوو / هەستییە توولەی ڕەشمار: لەوچوو / هەستییە

شاعیر تابلۆیەکی سروشتمان بۆ دەکێشێت، لەناویشیدا باس لە جۆگەی ورد دەکات کە چۆن لە بەرزییەوە ئەکشێن و شۆڕدەبنەوە بۆ نزمایی، شاعیر ( جۆگە وردەکان) کە شتێکی هەستیە دەچوێنێت بە (ڕەشمار) کە ئەویش دیسان هەستیە، وە دەڵێت وەکو ( ڕەشمار ) دەبریقێتەوە، بەمەش شاعیر بە یارمەتی چواندن وێنەیەکی داهێنەرانەی درووستکردووە.

لەدێڕێکی تردا دەڵێت:

لەژوور سەریەوە دەست و خەنجەری

چەشنی چەخماخەی ئاسمان ئەلەری

**(گۆران،١٩٨٠،ل١٤٨)(Goran,1980,p148)**

دەست و خەنجەر : لێچوو / هەستییە چەخماخەی ئاسمان : لەوچوو / هەستییە

لێرەدا شاعیر وشەکانی (دەست ، خەنجەر) کە هەردووکیان، شتی هەستین هێناونی و چواندوونی بە (چەخماخەی ئاسمان)، کە ئەمیش دیسان شتێکی هەستیە، بەمەش بەچواندنی شتێکی هەستی بە شتێکی هەستی تر توانیویەتی وێنەیەکی هونەرمەندانەی جوان دروست بکات.

لە دێڕێکی دیکەدا دەڵێت :

بووکی ژێر تارای ڕەنگ ئەرخەوانی

شۆخ و شەنگە وەك گوڵی بەیانی

(گۆران،١٩٨٠، ل١٥١)(Goran,1980, p:151)

بووك: لێچوو / هەستییە گوڵ: لەوچوو / هەستییە

لێرەدا شاعیر وەسفی بووكێكی جوان و قەشەنگ دەكات، كە چۆن لە ژێر تارای ئەرخەوانیدا وەكو گوڵی بەیانیان وایە، واتە شاعیر بووك كەشتێكی هەستییە چواندوویەتی بە ( گوڵ) كە دیسان هەر هەستییە و بەر زیاد لە هەستێكی مرۆڤ دەكەوێت، بەمەش هەستییەكی بەهەستییەكی تر چواندووەو وێنەیەكی جوانی بە وشە.

**باسی سێیەم/ جۆرەكانی چواندن بەپێی چۆنییەتی لاكان**

١-چواندنی وێنەیی: ئەوەیە چەند شتێكی ئاوێتەكراو بچوێنێ بە چەند شتێكی ئاوێتەكراوی تر لەبەر هاوبەشی لە سیفەتدا، ئەدیب لەوكاتەی دەیەوێ گوزارشت لەمەبەست و مانای نێو دڵی بكات بەشێوازێكی زۆر جوان و وەك تابلۆیەكی ناسك و نایاب نیشانی بدات، هەریەكە لە چوێنراو پێچوێنراو لەچەند پارچەیەكدا دادەرێژێ، وێنەی چوێنراوەكان بە وێنەی پێچوێنراوەكان دەچوێنێ.

(گەردی،٢٠١٣، ل ١٥٣)(Gardy, 2013, p:153).

شاعیر دەڵێت:

ڕۆڵەی تاقانەم، هیوای ژیانم

ئەستێرەگەشەی بەری بەیانم (گۆران،١٩٨٠، ل٩٣ )(Goran,1980, p:93)

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر نەهاتووە تاك تاكی وشەكان بەیەكتری بچوێنێت، بەڵكو لەنیوە دێڕی یەكەمدا، وێنەیەكی دروست كردووە لە تەواوی ووشەكان، كە ئەویش پیشاندانی ( هیوای كوڕی ) خۆیەتی وەكو تاقانەیەك، وە ئەم وێنەیەی نیوە دێڕی یەكەم تەواو ڕوون نیە و شاعیر بۆ زیاتر ڕوون كردنەوەی ئەو وێنەیە، هاتووە، چواندوویەتی بە وێنەیەكی تر، كەلە نیوە دێڕی دووەمدایە، كە ئەویش ئەستێرە گەشەی دەمەو بەیانیانە، هەرچەندە دەتوانرێت بوترێت كە ( هیوا) بەرانبەرە بە ( ئەستێرە) بەڵام ئەوە زۆر لاواز دەردەكەوێت لەبەرانبەر ئەو چواندنە وێنەیەی كە شاعیر لەنێوان نیوە دێڕی یەكەم و نیوە دێڕی دووەمدا كردوویەتی، نیوە دێڕی یەكەم لێچووە و نیوە دێڕی دووەم لەوچووە .لە شیعری ( دەروێش عەبدوڵلا ) دا شاعیر دەڵێت:

بەڵێ، دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەت كار

وەكو عەكسی قەمەر وایە لەناو حەوزێكی لیخندا

(گۆران،١٩٨٠،ل١١٩)(Goran,1980, p:119)

شاعیر وشەی بە وشەی دیكە نەچواندووە، بەڵكو وێنەیەكی لەنیوە دێڕی یەكەمدا دروست كردووە، كەباس لە پایەو نرخ و بەهای خەڵكی سەنعەت كار و بەهرەمەند دەكات لەناو كۆمەڵگەی دواكەوتوودا، بەڵام بەهاو نرخەكەی ئاشكرا نییە بۆیە شاعیر دەیچوێنێ بە وێنەیەكی دیكە، كەلە نیوەدێڕی دووەمدا دروستی كردووە، كە ئەویش وێنەی مانگ لەناو حەوزی لیخندا، هەرچەندە ( سەنعەت كار ) بەرانبەر بە (عەكسی قەمەر) و (قەومی بەسیت) بەرانبەر بە (حەوزی لیخن) دەوەستن، بەڵام شاعیر نەیویستووە لە ئاستی ووشەدا لێكچواندن دروست بكات ،بەڵكو وێنەی

نیوەدێڕی یەکەمی چواندووە بە وێنەی نیوەدێڕی دووەم، هەر بۆیە نیوە دێڕی یەکەم لێچووە و نیوەدێڕی دووەم لەوچووە.

شاعیر لەدێڕێکدا دەڵێت :

قەف قەف بڕی هەڵقەی زنجیر

وەك لەمۆم بەی، بەدەمی شیر

**(گۆران،١٩٨٠،ل٢٣٩)(Goran,1980, p:239)**

لەم دێڕە شیعرەدا لەنێوان ووشەکاندا چواندنی نەکردووە، بەڵکو دوو وێنەی دروست کردووە و بەیەکیانی چواندووە، لەنیوە دێڕی یەکەمیاندا وێنەی ئەوی کێشاوە کە چۆن کۆریای باکوور خۆی لە دەستەڵاتی ئیستعمار ڕزگار کردووە و خۆی ئازاد کردووە و زنجیری پچڕاندووە، ئەم وێنەیەی چواندووە بە وێنەیەکی تر کەلە نیوە دێڕی دووەمدایە، کە ئەویش ئەوەیە وەکو چۆن بەدەمی شمشێرێك بدەیت لە مۆمێك و بیبڕێت، بەم شێوەیەچواندنی وێنەیی دروست کردووە، وێنەیەك کەلە نیوە دێڕی یەکەمدایە چواندوویەتی بە وێنەیەکی دیکە کەلەنیوەدێڕی دووەمدایە .

٢- چواندنی پەسەندیدە:- ئەم جۆر بەو شێوازە ئەبێت ئەوکاتەی ئەتەوێت شتێك بە شتێکی تر بچوێنی، لێچوو پەسەند تر بکەی لە لەوچوو.**(گەردی،١٩٧٢،ل٤٨)(Gardy,1972, p:48)**.

شاعیر دەڵێت:

منیش ئەگەر چی بەجیلوە، بەجاذیبەی جوانی

گەلێ لە فەوقی گوڵام و گرانترم لە گەوهەر

**(گۆران،١٩٨٠، ل٢٠)(Goran,1980, p:20)**

لەم دێڕەدا شاعیر لێکچواندنێکی لەنێوان (من) کە لێچووە، لەگەڵ (گوڵ، گەوهەر) کە هەردووکیان لەوچوون، دروست کردووە، بێگومان بە دەرخستنی ڕووی لێکچوونی (جیلوە " جازیبەی جوانی) شاعیر هاتووە بە دەربڕینی (لە فەوقی)دا، پەسەندی (من)ی داوە بەسەر (گوڵ، گەوهەر)دا، بەمەش لێچووی پەسەند تر کردووە بەسەر لەوچوودا.

لەم جۆرە چواندنە لەهۆنراوەکانی شاعیردا، جگە لەوەی لەسەر ئاستی ووشە وەکو پێشتر بینیمان، لەسەر ئاستی وێنەیش دەبینرێت، واتە شاعیر وێنەیەکی لە دێڕێکدا دروست کردووە دواتر هاتووە پەسەندی کردووە بەسەر وێنەیەکی تردا لە دێڕەکەی دواتردا هەیە و هەردوو وێنەکەش لێکچواندن لەنێوانیاندا هەیە . لەدەقی (جوانی بێناو ) دا دەڵێت:

کانی یەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو

لەبنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو **(گۆران،١٩٨٠،ل٤٦)(Goran,1980, p:46)**

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا وێنەیەکی زۆر جوانی سروشتی بۆ کێشاوین، دیمەنی کانییەکی ڕوون، کەلەشەوێکی مانگەشەودا تریفەی مانگ ڕووناکی کردبێتەوە و زیخ و چەوە وردەکانی بنی بەڕوونی دیار بن و بەهۆی بوونی

(شنەیەکی کەم ) ەوە کە جوڵەیەکی کەمی بە ئاوی کانیەکە دابێت ئەوانیش بەهۆی ئەوەوە تۆزێك بلەرزن، شاعیر لەم دێڕەدا ئەو وێنەیەی دروست کردووە دواتر هاتووە پەسەندی کردووە بەسەر وێنەیەکی تری سروشتدا کەلەدێڕی دواتردا پێشکەشی کردووە ، کەتێیدا دەڵێت:

جوانترە لەلای من لە دەریایی بێ سنوور

شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژی شڵپ و هوڕ (گۆران،١٩٨٠،ل٤٦)(Goran,1980, p:46)

لەم دێڕەیشدا دیسان شاعیر هاتووە وێنەیەکی دیکەی سروشتی پیشانداوە کە باس لە دەریایەکی گەورە و بێ سنوور دەکات، کە شەپۆلەکانی ئەوەند گەورە و بەرز بن بەر بەتیشکی خۆر بگرن، شاعیر ئەو وێنەیەی کە لە دێڕی یەکەمدا دروستی کردبوو پێی جوانترە لەم وێنەیەی لەم دێڕەیاندا دروستی کردووە، وە ئەوەیان پەسەند دەکات بەسەر ئەمەیاندا، لێرە دەبینین چواندنەکە لەسەر بنەمای وشە بە وشە نەکراوە بەڵکو لەسەر بنەمای دوو وێنە یەك بە وێنەیەکی تر دروست کراوە، لەوێنەی دێڕی یەکەمدا ئاو هەیە کە کانییەکەی بچووکە، بەهۆی شەپۆلی بچووکی کانیەکەوە، زیخ و چەوی بن کانیەکە بە هێواشی دەجوڵێن، بەهەمان شێوە لەوێنەی دێڕی دووەمدا دیسان ئاو هەیە کە بریتیە لەدەریایی بێ سنوور هەروەها جوڵەیەکی گەورەتر و شەپۆلێکی زۆر بەرزیش هەیە، ئەمانەش بێگومان چواندنێك لەنێوان وێنەی یەکەم لە دێڕی یەکەم و وێنەی دووەم لە دێڕی دووەم دروست دەکات.

٣- چواندنی ئاوەژو ( هەڵگەڕاوە ): ئەوەیە کە لێکچواندنەکە وەربگرین، واتە لێچوو بکەین بە لەوچوو بەو نیازەی کە لێکچوونەکە لەودا جوان و بەهێزترە تا لە لەوچوودا.

(گەردی،١٩٧٢،ل٤٥)(Gardy,1972,p:45).

شاعیر لەدەقی ( ئافرەت و جوانی ) دا دەڵێت:

کام ئەستێرەی گەش کام گوڵی کێوی

ئاڵە وەك کوڵمی ؟ گوێ مەمکی؟ لێوی (گۆران،١٩٨٠،ل١٠)(Goran,1980, p:10)

ئەستێرەی گەش، گوڵی کێوی : لێچوون

کوڵم،گۆی مەمك،لێو : لەوچوون

شاعیر لەم دێڕەدا شوێنی ( لێچوو ) و ( لەوچوو) ەکانی ئاوەژوو کردۆتەوە، چونکە هەمیشە واباوە، کە شاعیران بۆ پیشاندانی جوانی یارەکانیان، هاتوون ئەندامانی لەشی یارەکەی خۆیانیان چواندووە بە کەرەستەکانی سروشت، بەڵام لەم دێڕەدا دەبینین شاعیر بەپێچەوانەوە هاتووە کەرەستەکانی سروشت (ئەستێرەی گەش، گوڵی کێوی)ی چواندووە بە (کوڵم، گۆی مەمك، لێو)ی یارەکەی و شاعیر ئەمەی لە شێوەی پرسیارێکدا کردووە، شوێنی (لێچوو، لەوچوو)ەکانی ئاوەژوو کردووەتەوە و لێچووی ڕاستەقینەی گۆڕیوە بۆ لەوچووی ڕاستەقینە و چواندنی ئاوەژووی دروستکردووە.لە دێڕە شیعرێکی تردا دەڵێت:

کام بەرزی جوانە وەك بەرزی باڵای

کام تیشك ئەگاتە تیشکی نێونیگای (گۆران،١٩٨٠،ل١٠)(Goran,1980, p:10)

**کام بەرزی، کام تیشك : لێچوون**

**بەرزی باڵای ، تیشکی نێونیگای :لەوچوون**

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر شوێنی (لێچوو ) و (لەوچوو)ەکانی ئاوەژوو کردۆتەوە، چونکە شاعیران هەمیشە بەرزی باڵای یارەکانی خۆیانیان بە کەرەستەکانی سروشت بۆ نمونە ( دارچنار) چواندووە، بەڵام لێرەدا لە شێوەی دەربڕینی پرسیارێکدا هاتووە وێنەکەی ئاوەژوو کردۆتەوە، دەڵێت کام بەرزی وەکو بەرزی باڵای یارەکەیەتی، وەك دیارە لێرەدا لەهەردوو ( لەوچوو)ەکان دا (ی) جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی بەکارهێناوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ( ئەو ) وە ئەویش لێرەدا مەبەست لەیارەکەی شاعیرە بەمەش چواندنەکەی ئاوەژوو کردۆتەوە و لێچوی ڕاستەقینەی کردووە بە لەوچوی ڕاستەقینە . شاعیر لەدەقی شیعری (ئەی نەی)دا دەڵێت:

ئەی نەی چی یە وا بەسۆز و سازی

بۆ چ تۆش وەکو ئێمە عیشق بازی          (گۆران،١٩٨٠،ل٢٢٤)(Goran,1980, p:224)

نەی: لێچووە          ئێمە: لەوچوو

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر لێکچواندنێکی لەنێوان (نەی) و (ئێمە)دا، دروستکردووە ، بەڵام شێوێنی (لێچوو) و (لەوچوو)ی گۆڕیوەو (لێچو)ی کردووە بە (لەوچو)، چونکە لەبنەڕەتدا شاعیران خۆیانیان بە عاشق داناوە و لە پێناوی ئەو عەشقەدا هەمیشە ناڵاندویانە و ئەو ناڵاندنەیان هەمیشە بەناڵەی (نەی) چواندووە، بەڵام لێرەدا دەبینین، شاعیر چواندنەکەی ئاوەژوو کردۆتەوە و (نەی)ی چواندووە بەخۆی.لەدێڕێکی تردا دەڵێت:

لەبەختی تاری شەو ناکەم شیکایەت

شەبیهە چونکە بەو زوڵفی سیایەت          (گۆران،١٩٨٠،ل٦٨)(Goran,1980,p:68)

بەختی تاری شەو: لێچوو          زوڵفی سیا: لەوچوو

لەباری ئاسایدا هەمیشە زوڵفی ڕەش چوێنراوە بە ڕەشی شەو، بەڵام لێرەدا شاعیر چواندنەکەی ئاوەژوو کردۆتەوە و شوێنی لێچوو لەوچووەکەی گۆڕیوە .

٤- چواندنی لەناویەك:- ئەوەیە کە ووشەیەك ببێت بە چوێنراو بۆ دوو پێ چوێنراو.

(گەردی،٢٠١٣،ل١٥١)(Gardy,2013,p:151).

شاعیر زۆر زۆر بەکەمی ئەم جۆرە چواندنەی بەکارهێناوە .

شاعیر دەڵێت:

لەشم بێ هێز ، گیانم بێزار، دڵم غەمگین بوو

هیوام تاریك، مەیتی عیشقم تابووتی ژین بوو          (گۆران،١٩٨٠،ل٤٣)(Goran,1980, p:43)

لە نیوە دێڕی دووەمدا  شاعیر سەرەتا (عیشق)ی چواندووە بە (مەیت)، واتا عیشق (لێچوو) ەو مەیت (لەوچوو)ە، پاشان هەردووکیانی پێکەوە کردووە (لێچوو) بۆ (تابووتی ژیان) کە (لەوچوو)ە .

٥-چواندنی ناڕاستەوخۆ :- لەم لێکچواندنەدا لێچوو و لەوچوو بە ڕاستەوخۆی دەرناکەون بەڵکو بەنیشانە و مەبەست دەناسرێتەوە.**(دزەیی،٢٠١٥،ل٨٢ )(Dzey, 2015, p:82)** ، ئەم جۆرە چواندنەش دیسان زۆر زۆر بەکەمی لەهۆنراوەکانی شاعیردا بەکارهاتووە .

شاعیر لەدەقی (ئاهەنگێك لەناوڕان)دا دەڵێت:

هەنگە زەرد ئەبرێ ڕێی دوور

بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور

تا نەگەڕێ مێرگی بەهار

دەم نانێتە ناو دەمی یار

**(گۆران،١٩٨٠،ل٥٠)(Goran,1980, p:50)**

لەم کۆپلەیدا شاعیر وشەی (یار)ی هێناوە و بەناڕاستەوخۆی کردوویەتی بە (لێچوو) بۆ (گوڵاڵە سوورە) کە لەوچوەکەیەتی، ئەوەش کە ئەم چواندنە ناڕاستەخۆیەی دروستکردووە ئەوەیە کە (هەنگەزەردە) بۆ بینینی یارەکەی کە (گوڵاڵە سوورە)یە ڕێگای دوور و مێرگی بەهار ئەبڕێت.

**باسی چوارەم/ جۆرەکانی چواندن بەپێی ژمارەی لاکان**

١-چواندنی کۆ: ئەوەیە یەك شت بە دوو شت یا کۆمەڵە شتێك بچوێنێ، واتە لێچوو یەك بێت و لەوچوو کۆمەڵە شتێك بێت.**(گەردی،١٩٧٢،ل٤١)(Gardy,1972, p:41)** ، شاعیر دەڵێت:

کچە کوردێك دڵ پێی شادبێ

وەك فریشتە و پەریزاد بێ!          **(گۆران،١٩٨٠،ل٢٨)(Goran,1980, p:28)**

کچە کوردێك: لێچوو          فریشتە، پەریزاد: لەوچوون

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر وەسفی کچە کوردێك دەکات ، کە دڵ پێی شاد بێت، دەڵێت وەکو فریشتە و پەریزاد بێت، شاعیر یەك لێچووی هێناوە کە (کچە کوردێك)ەو چواندوویەتی بە دوو لێچوو کە (فریشتە، پەریزاد)ن، بەمەش بە چواندنێکی کۆ وێنەیەکی هونەری جوانی نەخشاندووە، هەروەها لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

بێینە سەرچاو: چاوێك...بڵێم چ چاوێك؟

کانی سیحر، دەریای عیشوە، گێژاوێك          **(گۆران،١٩٨٠،ل٣٥)(Goran,1980, p:35)**

چاو: لێچوو          کانی سیحر، دەریای عیشوە، گێژاوێك: لەوچوون

شاعیر لێرەدا وەسفی (چاو)ی کردووەو چواندوویەتی بە (کانی سیحر، دەریای عیشوە ، گێژاو) تابلۆی ئەو چاوەی وەها کێشاوە کە پڕبێت لە سیحر و ناز وە وەکو گێژاوێك وابێت کە دەرچوون لێی ئەستەم بێت، شاعیر یەك شتی بە سێ شت چواندووە وێنەیەکی جوان و ناوازە بە ووشە کێشاوە .

لەدێڕێکی تردا دەڵێت:

تیری خوای عەشق هەتا شاپەڕ دڵی سمیبوو

کچی جوتیار لەبەرچاوی بت بوو، پەری بوو

(گۆران،١٩٨٠،ل٥٨)(Goran,1980, p;58)

کچی جوتیار: لێچوو          بت، پەری: هەردووکیان لەوچوون

لێرەدا شاعیر باس لە کەسێك دەکات کەچۆن تیری عەشق شاپەڕەکانی سووتاندووە، مەعشوقەکەی کەکچی جوتیارێکە وەکو بتێك دەیپەرستێت و وەکو پەرییەك وایە لەبەرچاوی، شاعیر جارێك ئەو کچەی بە (بت) چواندووە و جارێکی تر بە( پەری )، بەمەش شاعیر وێنەیەکی زۆر جوانی دروست کردووە.

٢-چواندنی تەخت: ئەوەیە کە دوو یا پتر بەیەك شت بچوێنرێ ، واتە لێچوو چەند شتێك بێت و لەوچوو تاکە شتێك بێت.(گەردی،١٩٧٢،ل٤١)(Gardy,1972, p;41).

شاعیر دەڵێت:

قۆڵ و مەچەك ساف و سپی وەك شووشە

سەرپەنجەکان یاقوتێك بوون بە ورشە

(گۆران،١٩٨٠،ل٣٥)(Goran,1980, p;35)

قۆڵ، مەچەك: لێچوون          شووشە: لەوچوو

لێرەدا شاعیر وەسفی ئەندامەکانی لەشی ئافرەتێك دەکات و باسی قۆڵ و مەچەك و سەرپەنجەکانی دەکات، لەم دێڕەدا جارێك (قۆڵ) بە (شووشە) چوێنراوە، جارێکی تر (مەچەك) دیسان بە (شووشە) چوێنراوە، بەمەش شاعیر وێنەیەکی داهێنەرانە و زۆر جوانی لەچوارچێوەی چواندنێکی کۆدا دروست کردووە.

لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

دەم و لێوی وەك گوڵی بەرەبەیانی

ئەمانە گشت... گەلێکی تریش جوانی

(گۆران،١٩٨٠،ل٤٧)(Goran,1980, p;47)

دەم، لێو: لێچوون          گوڵی بەربەیانی: لەوچوو

ئەم تابلۆیە شاعیر، کەلە وەسفی دەم و لێوی کچێکی بێگانەدا کێشاویەتی، کە هێندە جوانە ئەو دەم و لێوەی لە گوڵی بەربەیانی دەچێت، وەك دەزانین گوڵی بەربەیانی زۆرتەڕ و ناسك و تازەیە، وەکو خۆی دەڵێت جگە لەمانە گەلێکی تریش جوانی پێوەیە، شاعیر لەم دێڕەدا جارێك (دەم) و جارێکیش ( لێو)ی بەگوڵی بەربەیانی چواندووە و وێنەیەکی زۆر نایابی بە وشە بۆ کێشاوین.لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

شۆخی مەڕمەڕ گەردن و سنگ

لەسەر سنگی ڕووت بۆ پرشنگ    **(گۆران،١٩٨٠،ل٥٤)(Goran,1980, p:54)**

گەردنی شۆخ،سنگی شۆخ: لێچوون    مەڕمەڕ : لەوچوو

شاعیر لە دێڕێکدا دەڵێت:

نەسیمی بۆن خۆش،کزەی فێنك، وەك نەوای ئیلهام

سەمای جوانی پەری تەبیعەت دێنێتە ئەنجام    **(گۆران،١٩٨٠،ل١٦٩)(Goran,1980, p:169)**

نەسیمی بۆن خۆش، کزەی فێنك: لێچوون    نەوای ئیلهام: لەوچوو

لێرەدا شاعیر تابلۆیەکی جوانی سروشتی بۆ کێشاوین، هاتووە ( نەسیمی بۆنخۆش) و (کزەی فێنك) کە دوو شنەبای خۆشمرود و ڕۆمانسین، چواندویەتی بە (نەوای ئیلهام) واتە (ئاوازی مۆسیقا) و بەردەوام دەبێت لەسەر دروستکردنی تابلۆیەکی سروشت و دەڵێت: ئەوانە پێکەوە ئاوازی مۆسیقایەکی وەها دروست دەکەن کە (پەری تەبیعەت)(دیسان سروشتی چواندووە بە پەری ) دێننە سەما .

یان لە دێڕێکی تردا شاعیر دەڵێت :

لەژوور سەریەوە دەست و خەنجەری

چەشنی چەخماخەی ئاسمان ئەلەری

**(گۆران،١٩٨٠،ل١٤٨)(Goran,1980, p:148)**

دەست، خەنجەر: لێچوون    چەخماخەی ئاسمان: لەوچوو

لێرەدا شاعیر هەردوو وشەی (دەست) و (خەنجەر)ی هیناوەو چواندوویەتی بە (چەخماخەی ئاسمان)، چەخماخەی هەور لە ڕاستیدا کە دێت لەو ساتە کەمەشدا شوێنی ئاراستەی خۆی زۆر دەگۆڕێتەوە شاعیر دەست و خەنجەری ئەو کەسەشی بەو چەخماخەیە چواندووەو وێنەیەکی نوێی دروست کردووە.

٣- چواندنی پێچراو :- ئەوەیە کە ئەو لێکچواندنەی هونەر لەیەك هۆنراوەدا ئەیانهێنێ، هەموو لێچووەکان لە تەنیشت یەکەوە ڕیز بکا، پاشان هەریەکەیان بە شتێك بچوێنێ و هەموو لەو چووەکانیش بەدوای یەکەوە ڕیز بکات، یان بەپێچەوانەوە لە پێشا لەوچووەکان بێنێ، ئینجا لێچووەکان.
**(مستەفا،٢٠١١،ل١٣٧)(Mustafa,2011, p:137)**.

شاعیر لە شیعری (بۆ کچێکی بێگانە)دا دەڵێت:

دیوانەکەی (برۆنس) کە نەغمەی شیعری

ئەڵێی کچە پێ ئەکەنێ " یان ئەگری    **(گۆران،١٩٨٠،ل٤٩)(Goran,1980, p:49)**

دیوانەکەی برۆنس، نەغمەی شیعر: هەردووکیان لێچوون

کچ ، پێکەنین و گریان: هەردووکیان لەوچوون . لێکچواندنی پێچراوە

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر، (دیوانەکەی برۆنس)ی چواندووە بە (کچ)و (نەغمەی شیعرەکان)ی ناو دیوانەکەشی چواندووە بە پێکەنین و گریانی ئەو کچە، بەمەش وێنەیەکی زۆر جوان و داهێنەرانەی بە وشە بۆ کێشاوین .

یاخود شاعیر دەڵێت:

لەبەردەممانا هاوڕێکانی تر

بەچۆکا هاتن وەك یخی حوشتر (گۆران،١٩٨٠،ل١٤٨)(Goran,1980, p:148)

هاوڕێکان: لێچوو، حوشتر: لەوچوو

بەچۆکا هاتن: لێچوو، یخ: لەوچوو

لێرەدا شاعیر دوو لێچوو و دوو لەوچووی هێناوە و وێنەی هونەرمەندانەی لێ خولقاندوون، شاعیر (هاوڕێکان)ی چواندووە بە (حوشتر ) و وە (بەچۆکدا هاتن)یشی بە (یخ)ی حوشتر چواندووە.

٤-چواندنی بڵاو: لەم جۆرەدا زیاتر لە وێنەیەکی لێکچواندنی لەیەك دێڕە هۆنراوەدا دەهێنرێت، بەو مەرجەی، هەریەکەیان سەربەخۆ بن و بەوانی ترەوە نەبەسترابن، لێرەشدا لێکچواندنەکان دەبێ بەشێوەیەکی ڕێك دابڕێژرێن، ژمارەی (لێچوو) و (لەوچوو)ەکان هەرچەند بن، بەڵام هەر (لێچوو)یەك، لەگەڵ (لەوچوو) ی خۆی بێت.(مستەفا،٢٠١١،ل١٣٨)(Mustafa, 2011, p:138).

لە دەقی (شەوێك لە عەبدوڵلا)دا دەڵێت:

ئافرەت : چرای کۆڕی ئاهەنگ

لەنجەی جوڵان ، مۆسیقای دەنگ (گۆران،١٩٨٠، ل٥٣)(Goran,1980, p:53)

ئافرەت: لێچوو چرا: لەوچوو

دەنگ : لێچوو مۆسیقا : لەوچوو

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا (ئافرەت) ی چواندووە بە (چرا) بۆ ڕوناککردنەوەی کۆڕی ئاهەنگ وە هەر لەم دێڕە شیعرەدا چواندنێکی تریشی درووستکردووە، کە ئەویش (دەنگ)ی چواندووە بە (مۆسیقا) کە ڕوونە ئەو دەنگەش مەبەست لەدەنگی ئافرەتەکەیە، بەم شێوەیە بەکۆکردنەوەی چەند چواندنێك لە دێڕەکەدا وێنەیەکی هونەری جوانی دروست کردووە.

لەدێڕێکی تردا دەڵێت :

کەچی شەڕفرۆشی خاوەن سەرمایە

دەستێکی میکرۆبە و دەستێك بۆمبایە

(گۆران،١٩٨٠،ل٢٦٠)(Goran,1980, p:260)

دەستێك: لێچوو میکرۆب: لەوچوو

دەستێك: لێچوو بۆمبا: لەوچوو

لەم دێڕە شیعرەدا بۆ ناساندنی ئیستعمار، بەشەڕفرۆش و خاون سەرمایە وەسفیان دەکات و (دەستێك)ی بە(میکرۆب) و (دەستێك)ی تری بە (بۆمبا) دەچوێنێ و وێنەیەکی بەسەلیقەی جوانی بە وشە بۆ نەخشاندوین.

یاخود دەڵێت:

دانراوە بۆ کۆتری شین

مەلی ئاشتی بەهەشتی ژین

(گۆران،١٩٨٠،ل٢٤٠)(Goran,1980, p,240)

ئاشتی: لێچوو مەل: لەوچوو

ژین: لێچوو بەهەشت: لەوچوو

لێرەدا دیسان دوو چواندنی پێکەوە کۆکردۆتەوە جارێك (ئاشتی) چواندووە بە(مەل) و جارێکیش (ژین)ی چواندووە بە(بەهەشت)، بەومانایەی کە شاعیر دەیەوێت بڵێت: ئەگەر ئاشتی وەکو مەلێك بەسەر ژیاندا بخرێت، ئەوە ئەو دەمە ژین دەبێت بەبەهەشت، بێگومان ئەم وێنە جوانانە بە یارمەتی هونەری چواندن خوڵقێنراون.

## ئەنجام

١-گۆران وەکو یەکێك لە شاعیرەکانی ناو ئەدەبی کوردی و وەکو شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی بەشێوەیەکی بەرچاو هونەری چواندنی بەکارهێناوەو شیعرەکانی خۆی پێ ڕازاندۆتەوە.

٢-گۆران، لە ئەدەبی کوردیدا بە شاعیری ئافرەت و سروشت و جوانی بەناوبانگە، بە گشتی ئەو جۆرە دەقانەش دەچنە خانەی وەسفکردنەوە، بێگومان بۆ گوزارشتکردن لەو وەسفانە چواندن گونجاوترین هونەری ڕەوانبێژییە و هەرلەبەر ئەوە توانیویەتی سوودێکی زۆر لەم هونەرە وەربگرێت.

٣-لەبەر ئەو زمانە شیعرییە تایبەتەی کە هەیبووە، بەتایبەتی لەو دەقانەی دەچنە خانەی شیعری نوێوە، زۆر بەجوانی سوودی لە هونەری چواندن بینیوەو توانیویەتی وێنەی شیعری نوێ و ناوازەی ئەوتۆی پێ بخوڵقێنێت، کە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆشی لاسایی بکەنەوە.

٤-گۆران زۆربەی جۆرەکانی هونەری چواندنی بەکارهێناوە ، ئەمەش هۆکارێکە بۆ بوونی وێنەی جۆراوجۆر لە دەقە شیعرییەکاندا، بێگومان هەموو جۆرەکانی بەیەك ئەندازە بەکارنەهێناوە، لە جۆرەکانی چواندن بەپێی هاتن و نەهاتنی بنەڕەتە لاوەکیەکاندا، چواندنی ڕەوانی کەمتر بەکارهێناوە، لە جۆرەکانی چواندن بەپێی هەستی و ژیری دەتوانین بڵێین ڕێژەی بەکارهێنانی جۆرەکان لەیەکترییەوە نزیکن، لە جۆرەکانی چواندن بەپێی چۆنێتی لاکان، چواندنی پەسەندیدە و چواندنی لەناویەکی زۆر بەکەمی بەکارهێناوە هەروەها لە جۆرەکانی چواندن بەپێی ژمارەی لاکان چواندنی پێچراوی کەمتر بکارهێناوە.

٥-لە هەڵبژاردنی لاکانی لێکچواندندا زۆربەی جار لەسەر بنچینەی کۆکردنەوەی دوو ڕەگەزی لەیەك دوور وێنە شیعرییەکانی بنیات ناوە، ئەمەش ناوازەیی بەوێنەکان بەخشیوە.

٦-بەگشتی لەو ئامرازانەی کە شاعیر لەچواندنەکانیدا بەکاری هێناوە، بە پلەی یەکەم (وەك) و ئینجا (وەکو) دواتر (چەشنی) و لەدوای ئەوانیش (شێوە) دوابەدوای ئەوانیش ئامرازەکانی تر.

## لیستی سەرچاوەکان

### أ / کتێبە کوردییەکان:

ئەحمەد، پەخشان علی(٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی.

حوسێن، هەڤاڵ ابوبکر (٢٠١٠)، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

دزەیی، عبدالواحید مشیر (٢٠١٥)، پراگماتیل ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر،هەولێر.
سەعید، ناز ئەحمەد( ٢٠١٧ )، دةنگی مستەفا بەگی کوردی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
سلێمان، هەژار فەقێ( ٢٠١٤ )، ڕوونبێژی لە شیعری مەحویدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
عبدالرحمن، عبدالسلام سالار( ٢٠٠٠)، هونەری ڕەوانبێژی لەشیعری ( نالی )دا، نامەی ماستەر، سلێمانی زانکۆی سلێمانی.
علی، دلشاد (٢٠٠٧)، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری،چاپی یەکەم، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
کەریم، فەرهاد قادر (٢٠١٢) ، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
گەردی ، عەزیز (١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، بغداد.
گەردی، سەردار ئەحمەد( ٢٠٠٤)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٥-١٩٩١ )، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
گەردی، موحسین ئەحمەد (٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری )، چاپی یەکەم، چابخانەی نارین، هەولێر.
مەلا کەریم، محمد(١٩٨٠)،دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.
مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠٠٩ )، بەهائیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ صالح و گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
مستەفا، ئیدریس عەبدوللا (٢٠١١)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بەنمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**ب / کتێبە عەرەبییەکان :**

أحمد، فالح حمد (٢٠٠١)، الصوره البيانييه فى الحديث النبوى الشريف، مؤسسه الوراق، عمان.
العسكرى، ابى هيلال الحسن (٢٠٠٦)، كتاب الصناعيين، تحقيق: البجاوى و ابراهيم، الطبعه الاول، بيروت.
قاسم ، عدنان حسێن (١٩٨٠)، التصوير الشعرى، الطبعه الاولى، المنشأ الشعبيه للنشر والتوزيع والاعلان، ليبيا.

**ج / گۆڤارەکان**

کەریم، فەرهاد قادر(٢٠١٢)،چواندن،چەمك ناسینەوەی بنەڕەتەکانی، مجله جامعه كركوك الدراسات الانسانيه، الجلد (٧) العدد (٣) كركوك.

کەریم، فەرهاد قادر  واحمد، فواد حسين(٢٠١٥)، هونەری چواندن لە شیعرەکانی (خانای قوبادی)دا، الاستاذ، مجله علميه محكمه فعليه، جامعه بغداد، العدد (٢١٣)، المجلد الثانى.

## References

**A/ The Kurdish Books**

Abdulrahman, A. S. (2000)."The art of eloquency in Nali poetry". master thesis. Sulaimani university, Sulaimani.

Ahmad, Pakhshan Ali( 2009), *The style of Goran poetry* 1st Edition. Ranj printing press Sulaimani.

Ali, D. (2007).*Dilan and Experimental Poetry*. Sulaimani Sardam printing press.

Dzaey, A. M. (2015). *Pragmatics Eloquency*.1st Eedition. Hawler.Awer center printing press.

Gardy, A. (1972). *Eloquence in Kurdish literature*.First volume, Baghdad.

Gardi, S. A. (2004).*Building the art image in Kurdish poetry (1970 – 1991)*. 1st Edition. Sulaimani. Sardam printing press.

Gardy, Muhsin A. M. (2013*), Eloquency spring (Semantics, Eloquence, Beautification.* 1st EditionHawler. Narin printing press.

Hussen, H. A. (2010). *Romanticism status in Kurdish poetry*. 1st Edition.Sulaimani. Larya printing press.

Kareem, M. M. (1980). *Goran's divan, Goran Outcome Totalities*. First volume. Baghdad. Iraqi Academy Sciences.

Kareem, F. Q. (2012). Building Image in Hamdi poetry.1st Edition.Hawler. Rozhhalat printing press.

Mustafa, A. O. (2009). *Aesthetic values of poetry from Piramerd, Shaik Nuri, Shaik Salah and Goran*.1st Edition. Duhok.Khani printing press.

Mustafa, I. A. (2011).*Eloquence aspects in Kurdish classical poetry with the example of Hamdi and Haji Qadiry Koey*. Hawler. Haji Hashm printing press.

Saed, N. A.( 2017). *Mustafa Bag Kurdish voice in Kurdish classical poetry*. Sulaimani. Ganj printing press.

Sleman, H. F. (2014). *Eloquency in Mahwi Poetry*. 1st Edition. Sulaimani.Sardam printing press.

B/ The Arabic Books

Ahmad, F. H. (2001). *The Manifest Image in Prophetic Tradition*.Oman. Al-Warraq foundation.

Al-Askari, H. H. (2006).*Kitabul Sinaatai.* Survey: Al Bjawi,

Qasm,.A. H. (1980).*The image of poetr*y.1st Edition.Libya. Al-minsha al-Shabiya for publication, distribution and advertisement.

C/ journal

Kareem, Farhad Qadir( 2012), Concept similarity and identifying its origins, Kirkuk University Periodical for Humanitarian study, periodical (7), issue (3), Kirkuk.

Kareem, Farhad Qadir& Ahmad, Dr. Fuad Huseen (2015), The art of similarity from the poetry of (Khanay Qubadi), Al-Ustad, seasonal scientific periodical. Baghdad university, issue (212), second volume.